**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٤٤٧ لە ٢٠٢٦/١/١٣**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (دارهۆزان)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە هەردوو نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ژمارە (٢٨٤) لە ٢٠٢٥/٩/١٦ و (٣٦٤) لە ٢٠٢٥/١٢/١٤ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٣٣٩٣٧) لە ٢٠٢٥/١١/٢ و ئاماژە بە نووسراوی نووسینگەی سەرۆک وەزیران ژمارە (١٣٥٨) لە ٢٠٢٥/٩/١٠، و لە بەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**دارهۆزان**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنوری ناحیەی رزگاری/ ئیدارەی سەر بەخۆی زاخۆ بە ڕووبەری (٢٢،٢٣،٣١) بیست و دوو دۆنم و بیست و سێ ئۆلک و سی و یەک مەتر دووجا لە سەر پارچە زەوی ژمارە (٤٤) لە کەرتی ١٧/دارهۆزان وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی ئیدارەی سەر بەخۆی زاخۆ لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لەڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٧٤٠ لە ٢٠٢٦/١/١٥**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**گواستنەوەی گوندی (سلێمانەگردە)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٠٤٦٩) لە ٢٠٢٥/١١/٢٠، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** گواستنەوەی گوندی (**سلێمانەگردە**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٥ لە ڕێنمایی سەرەوە سەر بەقەزای بازیان لە پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری (-،٣٣،٢٠) سی وسێ دۆنم و بیست ئولک لە سەر بەشێک لە پارچە زەوییەکانی (١٠، ١١، ١٣/٣، ١٣/٤، ١٣/٧، ١٦) لە کەرتی (٣/سلێمانەگردە) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لەڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فورمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**